**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردســتان ـ عێـراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٤**
**ڕۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٢/٥/١٤**

## " بــڕیـــار "

پشت بە حوكمـەكانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارەی (١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢) و لەسـەر داوای وەزیـری ئـەوقاف و كاروبـاری ئیـسلامی و ڕەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیـران ، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی كوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ڕۆژی (٢٠٠٢/٥/١٣) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەكـەم :** هەر كەسێ ، لەسەر زەوییەكی سەر بە حوكمەتی هەرێم جامعێ یان مزگەوتێ یـان تەكیەیەك دروسـت بكـات بـە سەرپەرشـت (مـشرف) دادەمـەزرێ و ، وەزارەتـی ئـەوقاف و كاروبـاری ئیـسلامییش بـەڕێوەبردنی كاروبـاری دارایـی و ئیدارەكەشـی دەگرێتـە ئەسـتۆی خۆیـو ، بـە پێـی ڕینماییەگـەلێكیش كـە وەزیـری ئـەوقاف و كاروبـاری ئیـسلامی دەری دەهێنێ ماف و ئەركی سەرشانی سەرپەرشتەكە دیار دەكات .

**دووەم :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەركار .

**سـێیـەم :** پێویستە وەزیری ئەوقاف و كاروبـاری ئیـسلامی حوكمـەكانی ئـەم بڕیـارە بخاتـە بەركار .

**چـوارەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دەخرێتە بەركار .

**د. ڕۆژ نــوری شــاوەیس**
**سـەرۆكی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی ـ عێـراق**

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com